**کردەوەی تاوانکاری نابێتە هۆی پەلە کردن لە گەڕانەوەت بۆ وڵات بەڵکو کارەکانت دوا دەخات**

ئەگەر داوای مافی پەنابەریت لە فینلەندا کردووە، بەڵام دەتەوێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، دەتوانیت یان خۆت گەشتی گەڕانەوەکەت ڕێك بخەیت یان داوا پێشکەش بکەیت بۆ یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە. ڕێکخستنی گەشتی گەڕانەوە بۆ وڵات کاتی دەوێت، لەبەر ئەوە دەبێت سەبرت هەبێت. خێراترین ڕێگا بۆ گەڕانەوە ئەوەیە کە خۆت گەشتەکەت ڕێك بخەیت.

لەبیرت بێت کە، تۆمەتباربوون بە تاوانکاری گەڕانەوەکەت خێراتر ناکات، بەڵکو کارەکان دوا دەخات. ئەگەر بێتو لە فینلەندا تاوانێك ئەنجام بدەیت ڕووبەڕووی ئەوە دەبیتەوە کە پێش ئەوەی ڕێگات پێ بدرێت بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتەکەت دەبێت لە فینلەندا سزاکەی وەربگریت

**خۆت گەشتەکەت ڕێك بخەیت**

ئەگەر بەگوێرەی پێویست پارەت هەیە بۆ کڕینی بلیت، دەتوانیت خۆت گەشتەکەت ڕێك بخەیت. ئەمەش خێراترین ڕێگایە بۆ گەڕانەوەت بۆ وڵاتەکەت. کامپی پەنابەران ناتوانێت پارە بە تۆ بدات و ناشتوانێت یارمەتیت بدات لە کڕینی بلیتی گەشت یان وەرگرتنی پاسەپۆرت.

**ئەگەر پاسەپۆرتی ماوە بەسەرنەچووت هەیە:**

١- داوای پەنابەرێتیەکەت بکشێنەوە:
- دەتوانیت پێش ڕۆیشتنت لە پۆلیس یان لە فەرمانگەی کۆچ ئۆفیسی هێلسنکی داواکەت بکشێنیتەوە.
- هەروەها دەتوانیت داواکەت لە فڕۆکەخانەی هێلسنکی – ڤانتا لە خاڵی پشکنینی سنوور بکشێنیتەوە. بەگوێرەی پێویست کات تەرخان بکە بۆ پشکنین سنوور!

٢- بلیتی گەشتەکەت بکڕە
٣- ئاگاداری ڕۆیشتنەکەت بدە بەو کامپەی کە تیایدا دەژیت.

**ئەگەر پاسەپۆرتەکەت لای کاربەدەستانە:**

١- یان لە بنکەی پۆلیس یانیش لە فەرمانگەی کۆچ ئۆفیسی هێلسنکی داوانامەی پەنابەریەکەت بکشێنەوە و لە هەمان کاتدا داوایان لێ بکە کە پاسەپۆرتەکەت بنێرن بۆ فڕۆکەخانەی هێڵسنکی – ڤانتا. ناردنی پاسەپۆرت بۆ فڕۆکەخانە لایەنی کەم ٨ ڕۆژ دەخایەنێت. دوای ئەوەی کە لە پشکنینی سنوور دەردەچیت پاسەپۆرتەکەت پێ دەدرێتەوە.
٢- بلیتی گەشتەکەت بکڕە
٣- ئاگاداری ڕۆیشتنەکەت بدە بەو کامپەی کە تیایدا دەژیت.

**ئەگەر پاسەپۆرتت نیە:**

١- ئەگەر پاسەپۆرتت نیە، دەبێت لە سەفارەتی وڵاتەکەی خۆت داوای بڕوانامەی گەڕانەوە بکەیت. ڕەچاوی ئەوە بکە کە ئەگەر بە نیازیت بچیت بۆ هێلسنکی بۆ وەرگرتنی پاسەپۆرت یان بڕوانامەی گەڕانەوە کامپی پەنابەران حەقی نیە بەسەر ئەوەی کە گەشتەکەت بۆ هێلسنکی یان شوێنی خەوتنت لە هێلسنکی دابین بکات. پێویات دەکات ئەو شتانە خۆت پێشوەخت تەگبیریان بکەیت. باشتر وایە پێش ئەوەی بەڕێ بکەویت بۆ سەفارەت لەپێشا پەیوەندییان پێوە بکەیت.

٢- داوای پەنابەرێتیەکەت بکشێنەوە:
- دەتوانیت پێش ڕۆیشتنت لە پۆلیس یان لە فەرمانگەی کۆچ ئۆفیسی هێلسنکی داواکەت بکشێنیتەوە.
- هەروەها دەتوانیت داواکەت لە خاڵی پشکنینی سنوور لە فڕۆکەخانەی هێلسنکی – ڤانتا بکشێنیتەوە. بەگوێرەی پێویست کات تەرخان بکە بۆ پشکنینی سنوور!

٣- بلیتی گەشتەکەت بکڕە
٤- ئاگاداری ڕۆیشتنەکەت بدە بەو کامپەی کە تیایدا دەژیت.

**ئەگەر پێویست بکات دەتوانیت داوای یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بکەیت**

ئەگەر توانای ئەوەت نیە کە خۆت پارەی گەڕانەوەکەت بدەیت، دەکرێت یارمەتی پارەی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەت بۆ سەرف بکرێت. لایەنی کەم چەند هەفتەیەك دەخایەنێت هەتاکو گەشتەکە ڕێك دەخرێت.

**ئاوها بکە:**

- لەو کامپی پەنابەرانەدا کە تیا دەژیت داوای یارمەتی بۆ گەڕانەوەی ئارەزوومەندانە بکە. پرسیاری زانیاری زیاتر لە کارمەندەکانی کامپەکە بکە. هەروەها دەشتوانیت ڕێنماییەکان لە ناونیشانی www.migri.fi/paluu بخوێنیتەوە ، بە ئینگلیزی (www.migri.fi/return).
- بە شەخسی داوای پەنابەرێتیەکەت بکشێنەوە یان لە بنکەی پۆلیس یانیش لە فەرمانگەی کۆچ لە ئۆفیسی هێلسنکی. ئەگەر داوانامەکەت لە ژێر تاوتوێکردندا بێت یارمەتیت بۆ سەرف ناکرێت.
- ئەگەر یارمەتی گەڕانەوەی ئارەزوومەندانەت بۆ سەرف کرا، ئەوسا بۆ ڕێکخستنی گەشتەکەو وەرگرتنی پاسەپۆرت و هەروەها کڕینی بلیت بۆ وڵاتەکەت یارمەتی دەدرێت.
- ڕێکخستنی گەشتەکان ڕێکخراوی جیهانی کۆچ ( ئای ئۆ ئێم IOM) پێی هەڵدەستێت.
- ئەگەر تۆ پاسەپۆرتێکی ماوە بەسەرنەچووت هەبێت کاروبارەکان زووتر جێبەجێ دەبن.